

# ئێکسسواری دەست بۆ وەرزی هاوین

هەر مۆدەیەکی ئێکسسوار جێگەی جوانی خۆی دەگرێ، کاتێك بەهەڵبژاردنێکی دروست و ڕەوا دەپۆشرێ، بەمەرجێك مانای خۆی ببەخشێ، لەشوێنی تایبەت بەخۆیەوە دابنرێ. ئەمەش وادەکات جوانی ئێکسسوارەکە لەگەڵ ڕواڵەتی خۆی و جوانی جەستەوە خۆی بگونجێنێ، بەتایبەت ئەو ئێکسسوارانەی بەرچاون، یان لەو شوێنانەوە دەپۆشرێن کە دیارن، جۆرەکانی ئێکسسوار لەوەرزی هاویندا زۆر دەبن، بەهۆی ئەوەی جەستەی خانمان زیاتر دەردەکەوێ بۆیە پێویستی بەپۆشینی ئێکسسوار دەبێ. ئەو ئێکسسوارانەی لەهاوین دەپۆشرێن بریتیین لە: ملوانکە، گوارە، بازنگی ورد و ناسك، زنجیر بۆ سەر دەست. هەر یەکە لەو ئێکسسوارانە مۆدەی جوانی خۆی بەتەواوی دەردەخات و دەبێتە یەکێك لەجوانترین ئێکسسوارە سەرنجڕاکێشەکان، ئەوەی دەمانەوێ باسی بکەین، ئێکسسواری دەستە، دوو جۆر لەئێکسسوار هەن بۆ دەست: یەکێکیان کە بازنگە و لەسەرەوەی دەست دەخسترێ، ئەوەی دیکەش بازنگ و زنجیر بەیەکەوەیە، زیاتر ئەو مۆدەی دووەم جوانی دیارتر و کراوەترە، کە لەبازنگێکی ناسك و زنجیر پێکهاتووە، زنجیرەکە لەپەنجە دەخسترێ یان دێتە خوارەوە و جووڵە دەکات، هەردووانیان مۆدەی بەهاترین ئێکسسوارەکانی وەرزی هاوینن.

# ڕەنگی سووری سادە و بێ بریقە بۆ کراسی کوردی



ڕەنگ کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر جلوبەرگ، یان مۆدەی ماکیاژەکان، بۆیە دەبێ ئەو ڕەنگە هەڵبژێرین کە گونجاو و ڕەخساو بێ بۆ ڕەنگی جلوبەرگ یان ڕەنگی ماکیاژ، هەندێك هەڵەی جوانکاری هەن کە پێوەندی بەڕەنگەوە هەیە، چونکە زۆر جار ڕەنگەکە وادەکات جوانی شێواز یان ستایل بشێوێنێ، وەك ئەوەی جلێکی کوردی بەبریقە و لەڕەنگی سوور بێ، ئەمە یەکێکە لەو هەڵانەی کە هەندێك کەس ئەنجامی دەدەن، هەڵەکەش لێرەدا ئەوەیە، کە ناکرێ ڕەنگی سووری بەبریقە بۆ جلوبەرگ و بەتایبەت جلی کوردی، بەهۆی ئەوەی بریقەکە کار دەکاتە سەر ستایلی جلەکە و چەند نەخش و نیگاری تێدابێ، ون دەبێ و دیار ناکەوێ. هەندێك ڕەنگ هەن بۆ جلی کوردی، کە هەرگیز بریقە و ڕەنگدانەوە گونجاو نابێ لەگەڵیان دابنرێن، وەك ڕەنگی: سوور- قاوەیی- زەرد. هەر یەکە لەو ڕەنگانە هێما و جوانی خۆی هەیە، ئەگەر بریقە واتە بەئێکسسوار یان شێوازی قوماشەکە بریقەی تێدابێ، کار دەکاتە سەر نەشیاوی ڕەنگی جلەکە لەو کاتەی ئامادە دەبێ، ڕاستە جلێك دەردەچێ، بەڵام جوانی ڕووخسار و جوانی نەخشەکان ون دەکات، بەتایبەت کاتێك لەبەر تیشکی خۆر بێ، یان لەژێر ڕووناکییەکی بەهێز بێ، بۆیە ڕەنگی سوور یەکێکە لەو ڕەنگانەی بریقە قبوڵ ناکات و دەکرێ کراسی کوردی لەڕەنگی سووری سادەو بەبێ بریقەوە بێ.

# شێوەی کورسی گونجاو بۆ دیکۆری ماڵ

ماڵ و گشت کەرەستەکان پێویستی بەڕێکخستن و ئامادەکردنی ماوە ماوەی هەیە، ئەمەش وەك ئەرکێکی جوانکاری و دیکۆر بۆ سەرتاپای ماڵ ئەنجام دەدرێ، بەمەش دەبێتە هەنگاوێك بۆ دووبارە ئامادەکردن و جوانکاری تازە. زۆربەی کەرەستە و کەلوپەلەکانی ماڵ، بەگوێرەی هەست و خواستەوە هەڵدەبژێردرێ، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە تا هەتایی نییە و دەبێ گۆڕانکاری تیایدا بەدی بکرێ، چونکە گۆڕانکاری لەدیکۆری ماڵ، وەك ئەوە وایە دیکۆرێکی تازە ئامادە بکەیت. لەماڵدا کەرەستەیەکی پێویست و گرنگ هەیە، ئەویش کورسی دانیشتنە، ئەو کورسیانەی لەژووری پێشوازی یان ساڵۆن وەك کەنەبە، یان بەو ناوە میللیە ناسراوە کە پێی دەگوترێ (قەنەفە)، یان کورسی لەگەڵ مێزدا لەژووری نانخواردن دادەنرێ، جۆرێکی دیکەی کورسی ئەویش بەتەنیا دادەنرێ بۆ شوێنی خوێندنەوە و پشوودان، جۆرێکی دیکەش هەن کە لەناو باخچەدا دادەنرێ و دەبێتە شوێنی چێژ وەرگرتن لەجوانی باخچەدا، ئەمەش دەبێ بەپێی جوانترین هەڵبژاردن بێ کە لەگەڵ دیکۆر و دیمەنی ماڵدا گونجاو و ڕازاوە دەبێ. کورسی بۆ دانیشتن لەچەندین مۆدەی جیاوازدا خۆی دەگوزەرێنێ، بەمەش ئاراستەیەکی جوانی دروست دەکات و دیکۆری خۆی دیار و بەرچاو دەکات. شێوەی کورسی بازنەیی و خڕ، مۆدەیەکی بەرچاوە لەدیکۆری ماڵ و ئەو وێنانەش ئەو جۆرە مۆدانە نیشان دەدەن کە ئێستا باوی هەیە بۆ دیکۆری ماڵ.





# دروست کردنی گـــــوڵ لە کاغەز

کاری دەستی خانمان، یەکێکە لەو بوارانەی کە ئافرەتان تێیدا زیاتر دەست ڕەنگینترن لەپیاوان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی حەز و شـــتی جوان لەبیرۆکە و هەســـتی خانماندا زیاترە لەوەی لەلای پیاوان. دەست ڕەنگینی خانمان لەوەدایە کە لەکەرەستەیەکی بچووك و سادە، شتێکی جوانی دروست دەکەن، بەمەش وادەکات کە ببێتە یەکێك لەو کارانەی لەماڵدا یان لەهەر شوێنێکدا ســـوودی لێوە ببینن، کاری دەســـتیش یەکێکە لـــەو بیرۆکە جوانانەی کە بەئاسانی دەتوانین لەکەرەستەیەکی بچووك شتێکی جوان ئامادە بکرێ، بۆ نموونە: دەتوانین لەپارچە کاغەز شێوەی گوڵی جوان دروست بکەین کە ئەو گوڵەش دەکرێ لەدیکۆری ماڵدا دابنرێ و ببێتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان. دروســـتکردنی ئەو جۆرە گوڵەش بەم شـــێوەیە دەبێ کە بەوێنەوە بۆتان ڕوون کراوەتەوە:

- ســـەرەتا کۆمەڵێك کاغەز دەهێنین، باشترە ئەو کاغەزانە ڕەنگی سپی نەبـــێ، چونکە چ جۆرە ڕەنگێك بـــێ ئەو جۆرە گوڵە دەردەچێ، هەروەها پێویســـتیمان بەتۆقەیەك دەبێ بۆ بەســـتنی کاغەزەکان و لەگەڵ کۆمەڵە کاغەزێـــك بەبچووکی لەگەڵ یەکتر ببەســـترێ ئەمەش بۆ ناوەڕاســـتی گوڵەکە.

- هەڵدەســـتین بەبڕینی سەری هەردوولای کۆمەڵە کاغەزەکە، لەشێوەی بچووك و کەوانە بەرەو دەرەوە بێ، ئەمەش وادەکات کە سەری هەر کاغەزێك وەك شێوەی پەڕی گوڵ دەربچێ.

- پاشان ناوەڕاستی کۆمەڵە کاغەزەکە بەتۆقەکەوە دەبەستین، لەگەڵ هەر بەســـتانێك، لاپەڕەیەك لەکاغەزەکان دەچەمێنینەوە و لەبەرامبەردا بەتۆقە دەبەســـترێ، تا دەبێتە شـــێوەیەکی بازنەیی و هەمان شـــێوەی گوڵی لێ دەردەچـــێ، هەروەها دەتوانین شـــێوە و قەبارەی گوڵەکـــە بەپێ زۆری و گەورەیی کاغەزەکە دیار بکەین.



# نەخش و ڕەنگی بۆیەی نینۆکی پەنجە





مۆدەی بۆیە کردنی نینۆك، کە ئێســـتا وەك مۆدەیەکی کلاســـیك دەناسرێ، بەســـەرچووە و تەنانەت مۆدە تازەکان دەبنە شـــوێنگرەوەی مۆدەی کلاســـیك، کە لەمۆدەکانی کلاسیك و پێشوودا تەنیا ڕەنگێك بەکاردەهێنرا بۆ بۆیەکردنی نینۆك، ئەمەش وەك هەنگاوێکی جوانکاری کە بەپێی ســـتایلەکانەوە ڕەنگێکی دیاریکراو وەك: ســـوور – پەمەیی-سووری جەرگی – قاوەیی-شین، دادەنرا بۆ ڕەنگی نینۆك، کەچی لەمۆدە تازەکاندا، ئەو شێوازە باوی بەسەر چووە و دیمەنی تازە هاتۆتە کایەوە. ئەو مۆدە تازانەش بریتیین لە: دانانی نەخش و بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ، لەشێوەی یەکەمەوە کە نەخش کردنە لەسەر نینۆکی پەنجە، مۆدەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشە و دەکرێ چەندین نەخش و نیگاری جوان لەسەر نینۆکەکان ئامادە بکەین، ئەمەش بەڕێگەی بۆیەی ئامادەکراو کە دەخرێتە ســـەر نینۆك و خۆی دەچەســـپێ، یان دەکرێ بەفڵچەی بۆیە، نەخشـــەکە ئەنجام بدرێ، کە هەر نەخشـــێك بێ تەنیا ئەوەبێ کە بەخواســـت و دڵی ئەو کەسە بێ. شـــێوەی دووەمیش، توانیویانە یەك ڕەنگی پێشـــوودا، بگۆڕن بۆ مۆدەیەکی دیکە کە زیاتر لەڕەنگێك بەکاردەهێنرێ بۆ بۆیەکردنی نینۆك. واتە لەســـەر نینۆکێکدا زیاتر لەڕەنگێك هەبێ، ئەمەش دەکرێ لەسەر تەنیا یەك نینۆك بێ، یان یەکێك لەنینۆکەکانی پەنجە ڕەنگی جیاواز بێ لەگەڵ ئەوانەی دیکە، هەردوو لەم مۆدەیە، شـــێوازێکی جوان دەردەخەن، تەنانەت شـــێوەی یەکەم کە دانانی نەخشە، باوی زیاترە و مۆدەیەکی سەرنجڕاکێشترە.





# شاجوانی یۆرۆ و شاجوانی کوردستان

هاوکات لەگەڵ دەست نیشانکردنی شاجوانی کوردستان، کە کچێکی خەڵکی ڕانیەی سەر بەشاری سلێمانییە و ناوی (شێنێ عەزیز)ە، و ئێستاش دانیشتووی وڵاتی نەرویژە، کەچی گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆر لەسایت و پەیگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کرایەوە لەوەی شاجوانی کوردستان بەم شێوەیە جوان نەبووە کە هەڵبژێردراوە، لەهەمان کاتیشدا لەدوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانییەتی یۆرۆی ٢٠١٢، یەکێك لەهاندەرانی ئەو پاڵەوانێتیە بوو بەشاجوانی یۆرۆی ئەمساڵ، کە کچێکی وڵاتی پۆڵەندایە و ناوی (ناتالیا سیفیك)یە، سەرەڕای جوانی ئەو خانمە، کەچی لەگشت یارییەکانی ئەو جامە بەشدار بوو، تەنانەت لەیاری دەرچوونی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، بەزەردەخەنە و پێکەنینەوە پێشوازی لەخەڵك دەکرد، ئەو کچە خاوەن جوانییەکی ناسکە و پێستی ئەسمەرە و بەمەش وایکرد ببێتە بەرچاوی خەڵك و لەدوای ئەو ڕاپرسیەی کە ڕۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی ئەنجامی دا، ئەو خاتوونە نازناوەکەی بردەوە و بووە شاجوانی یۆرۆ.








# هاتوچۆی جاران لە کوردستان

لەسەردەمی کۆندا، لەکوردستان هاتوچۆ زۆر ئاستەم بووە، تەنانەت بەوڵاغ و ئەسپ سواری بووە، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوانەی کە ئاژەڵیان هەبووە بۆ هاتوچۆ، ئەوەی باسی دەکەین بەر لەهاتنی ئوتۆمبێلە بۆ عێراق و کوردستان، واتە لەساڵانی پێشوو تاوەکو پەنجا و شەستەکان کە خەڵك ئەو کاتە بوون بەخاوەن ئوتۆمبێلی خۆیان، وەك لەو چەند وێنانەوە دەبینین کە خەڵك بەسەر پشتی ئەسپ و وڵاغەوە لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا هاتوچۆ دەکەن، بۆیە لەپێش دەرکەوتنی ئوتۆمبێل، شتێك پەیدا بوو بۆ هاتوچۆی خەڵك کە پێ دەگوترا: گەلیسکە، کە ئامێرێك بوو لەشێوەی ئوتۆمبێل وابوو، لەدوو نهۆمەوە پێکهاتبوو و بەئەسپ و وڵاغەوە ڕادەکێشرا، لەژێرەوەش بەچوار تایەوە دەڕۆیشت، ئەمەش وەك پاسی سەردەمی ئێستا کاری کردووە و خەڵك پێوەی هاتوچۆی کردووە، بیرۆکەیەکی جوان بووە و تەنانەت دوای پەیدابوونی ئوتۆمبێل و شەمەندەفەر، ئەو گەلیسکەیە نەما و ئیتر خەڵك ڕووی لەئامێرەکانی هاتوچۆ تازەکان کرد.

# گەورەترین

بەم هاوینە گەرمە، لەگەڵ وەرزی گەرما، خواردنەمەنی و شیرنەمەنییە ساردەکان خۆش و بەجۆش دەبن وەك: ئایس کرێم و کرێمەستی و گێمەر، هەر یەکە لەوانەش شتێکی خۆشە لەو کاتەدا، لەوڵاتی بۆلیڤیا بۆ هاتنەوەی وەرزی گەرما، هەڵسان بەدروستکردنی گەورەترین ئایس کرێم لەو وڵاتەدا، کە درێژییەکەی (٤) مەتر و کێشی (١٠٠٠) کیلۆگرام بوو، نزیکەی دوو مانگ خەریکی بوون تاوەکو دروستیان کردووە، ئەوەی سەیرە ماوەی (١) مانگە لەشوێنێ سارد دانراوە تاوەکو ئایس کرێمەکە بیبەستێ و نەتوێتەوە! سەرەوەی کرێمەکەی ئەو ئایس کرێمە، بەئامێری شۆفەڵ خراوەتە سەر کێکەکەوە، بەهۆی ئەوەی کێشی زۆر بووە و بەدەست هەڵنەگیراوە.

# جلێک بۆ خوێندنەوە و پۆشین

کارە سـەیرەکان بەچەندین ڕێگەی جوانەوە کاری لەسەر دەکرێ و دەبێتە ئەو دیمەنەی کە سەرسـامی و سەرنجڕاکێشی بۆ گشت خەڵکە، زیاتر لەوانەش دروست کردنی جلوبەرگە کە ئەمڕۆ لەجیهاندا کاری لەسـەر دەکرێ، لەیەکێك لەتازەترین جلەکاندا کە دروسـت کراوە، ئەویـش جلوبەرگی ئافرەتانە لەکاغـەزی ڕۆژنامەکانەوە، واتە جلوبەرگ لەشـێوەی ڕۆژنامەوە بـێ، ئەمەش دوای ئەوەی چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیان هێناوە و لەسەر قوماشی ئەو جلەیان داناوە کە تـا بکرێت بەکراس، لەوڵاتی مالیزیا لەپیشـانگایەکی تایبەت بەجلوبەرگەوە، سەیرترین جل بینرا، ئەویش ئەو جلە بوو کە لەڕۆژنامە دروسـت کرابوو، شێوەی کراسەکە وەك ڕۆژنامە وایە و پڕە لەنووسین و وێنە، ئەگەر لێوەی نزیك بیتەوە دەتوانی بابەتەکان بخوێنیتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا جلێکی جوان و سەرنجڕاکێشە.



# ئایس کرێم





# مـــــنارەی چۆلــــــی!

کوردستان پڕە لەشوێنەواری کۆن و بەنرخ و بەمێژوویەکی دەوڵەمەندەوە ناسراوە، کوردستان وەك ناوچەیەکی چیایی و ناکۆکی لەسەر بەدرێژایی مێژوو، چەندین قەڵا و منارە و ئەشـکەوت و شـوێنی سـەربازی و جێگەی ژیانی لێ دروسـت کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەرخەکانی پێشـوو، یەکێك لەو کارە جوان و ئەندازەیە سـەیرەی تا ئەمڕۆش ماوە، بریتیە لە(منارەی چۆلی ) لەشـاری هەولێر، کە بەیەکێك لەشوێنەوارە دێرین و کۆنەکانی شـاری هەولێـر دادەنرێ و دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەو شارە، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەبی سەعیدی کوکبری ) ئەویش کە لەسـەردەمی خۆیدا ناسـراو بوو بەشـای مەزن (موزەفەردەین)، منارەی چۆلی بەشێوەیەکی ئەندازەیی و سەیر دروست کراوە، کەرەسـتەکانی ئەو منارەیە زیاتـر لەگەچ و کەرپووچە، لەنێوان سـاڵانی (١١٩٠-١٢٢٢)ی زاینی، کە ئەمەش مێژوویەکی زۆرە و تا ئێستاش ماوەتەوە، منارەی چۆلی شێوەی هەندێك لارە و بەلای چەپەوە لار بۆتەوە، ئەمەش دوای پشـکنین بۆیـان دەرکەوت کە هیج زیانێکی نابێ. لەسەردەمی ئەتابەکییەکان دروست کراوە، ئەو منارەیە لەدوو بەشی سەرەکی پێکدێ: یەکەمیان بنکەکەیەتی کە (١٥) مەتر بەرزە و بەشی دووەمیش لوویەکەیە ئەویش (٢٢) مەتر دەبێ، بەهەردووکیانەوە درێژی منارەکە دەردەخەن کە دەگاتە (٣٧)مەتر لەسەر ئاستی زەوی و نزیکەی (١٤٥) سانتیمەتر پانییەکەیەتی و پێشتر ئەو منارەیە لەناو مزگەوتێکدا بووە، بەڵام ئێسـتا مزگەوتەکە نەمـاوە و تەنانەت هەندێگ گۆڕیش هەبووە، بەڵام بەهۆی کۆن بوونیان شـوێنەواریان دیار نەماوە. بنکەکەی لەخـوارەوە بە(٧) لایەنەوە دەردەکەوێ، کەچی لەسـەرەوە بە(٨) لایەن دیارە، هەروەها بنەماکەی هەشـت گۆشـەیە دوو دەرگای هەیە هەر یەکێکیان بـۆ پەیژێك دەچێ و لەژوورەوەش پەیـژ هەیە لەخوارەوە بۆ سەرەوە.

# دەزانن بۆ ئەو گەنجە هەڵواسراوە!

یەکێك لەو حاڵەتە سەیرانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە سزا بەسەر خەڵکدا دادەنێن، ئەو شێوە هەڵواسینەیە کە لەسەر دارێکەوە یان ستوونێکی کارەباوە هەڵدەواسرێ. ئەوەی سەیرە بۆ ئەو گەنجە وای لێکراوە، لەوڵاتی بیلا ڕوسیا، یەکێك لەسزا سەیرەکانی ئەو گەنجانەی تانە و قسە بەکچ دەڵێن، ئەو سزایەیە کە دەبێ لەسەر ستوونێك یان دارێك ببەسترێتەوە لەبەیانی تا ئێوارە، ئەمەش تاوەکو پەند وەربگرێ و ئیتر کاری وانەکات، لەهەمووی سەیرتر ئەو گەنجە لەکوێ قسە بەکچ بلێ، لەم شوێنەوە هەڵیدەواسن!



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئەشکەوتێك لەشاری سلێمانی بۆ دەربچێ.

ن ا ە س ج


وەڵامی ژمارەی پێشوو : خابوور

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هەندێك پێشەوەچوونی ئیجابی ڕوودەدات و دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لەکەسە نزیکەکانت ڕەنگە دووبارە پەرێشان و غەمگینت بکاتەوە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



بیرو مێشکت بخەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ژیربە ئازیزم، چونکە ماوەیەکە هەندێ ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، بێ ئەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



هەست بە ئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت و، بارودۆخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەشە دەستکەوتی دارایی و سۆزداری لەگەڵ بێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەگەر ئەمڕۆ وتووێژو گفتوگۆت کرد دەربارەی ئیش و کارەکانت ئەوا زۆر وریا بە، چونکە بارودۆخ زۆر نارێك و ناگونجاوە بۆ ئەم جۆرە ئیش و کارانە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



باری دەروونیت بەرەو باشی دەچێ هەوڵبدە لەگەڵ دۆستەکانت نزیکتر بی لە دوو دڵی دوور بکەوە

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



چاو بە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت دەخشێنیتەوە، باری داراییت بەسەر کۆسپێك زاڵ دەبێت و بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، چاودێری تەندروستیشت بکە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دۆکان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پاشکۆیەکە لەدوای ناوی کچانەوە دادەنرێ وەك ڕێزگرتن)
- پیتی خانەکانی (٦+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئەو کەسەی شت و مەکی خەڵك دەبات بەبێ ئاگاداری کەس)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆبکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ پارانەوە)
- پیتی خانەکانی (٦+٢+١)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی هاوبەش بۆ خەم و ناخۆشی)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کەسێکی ناودار لەژیانت بەتوانا فکری و پیشەییتەوە کاریگەر دەبێت، تۆش بەمە سوودەمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

نەیەڵی دووبارە ڕەشبینی باڵی بەسەر ژیانتا بکێشی، ڕاستە کەمێك دوو دڵ دەبیت، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لەم فشارە دەروونییە ڕزگارت دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لەم بارەیەوە بڕیارێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بەخێرایی گۆڕانکاریەکی ئیجابی دەکەیت لە بواری ئیش و کارەوە، ڕەنگە لەڕۆژانی داهاتوو بگەیتە ئەنجامێکی باش و گرفتێکیشت بەرەو چارەسەری بڕوات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

بەخت خەندەت بۆ دەکات و ئەزموونی زیاتر وەردەگریت، لەئەنجامی چەند پێشوەچوونێك وانەیەکی باش وەردەگریت، ڕەنگە دڵت بۆ کەسێك بکەوێتە دڵە خورپە.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زیاتر لەماوەی پێشوو خۆت بەحیساباتی داراییەوە خەریك دەکەیت و بیر لەداهاتی زۆرتر دەکەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بۆ خەرجییەکانت دابنێیت.

## نوکتە

- دایکێک پرسیار لە کوڕەکەی دەکات و دەڵێ تۆ نیوتن دەناسی؟
کوڕ: نەوەڵا، هەر نازانم کێیە..
دایک: ئاخر ئەوە بەهۆی ئەوەیە کە تۆ ئاگات لە دەرس و دەورت نییە..
ئینجا کوڕەکە پرسیار لە دایکی دەکات و دەڵێ ئەی تۆ خەجێ خان دەناسیت؟
دایک: نەوەڵا، هەر نازانم کێیە..
کوڕ: ئاخر ئەوە لەبەرئەوەیە کە تۆش ئاگات لە باوکم نییە!



## وێنەو بیرکردنەوە

**لەو وێنەیەدا، هەوڵبدە بزانە، چەند کەس جلی سووری لەبەرە!**



## دیوانە شیعر

**حەمە ساڵح دیلانی شاعیر دەڵێ:**

**تەی گەرمم لەگەڵ تۆیە و ئەیزانی**
**سەودا سەری ئەو گفتۆگۆ دێرینەم**
**لەپ سووتاوی ئەو یەکەم دەست گوشینەم**
**لەو دەمەوە تۆم کردووە بە تاسە**
**بێ مەودایە کۆی دوکەڵی هەناسە**
**بێ دواییە ئەشك با سوور و سوێر بێ**
**نایێ لەبن ئەگەر چی دیدە کوێر بێ**
**ئیتر بۆچی ئەم دەیتە بەر تیغی دەم**
**هیچ ناترسی بت سووتێنێ هەناسەم..**



**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## مانای خەون

**تاریکی :** لەخەودا ڕێ ونکردن و سەرسووڕمانە، ئەگەر یەکێك کافر بێت و لەخەودا ببینێ چووە ڕۆشنایی ئەو کەسە ئەبێ بە موسڵمان، یان تۆبە ئەکات و ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەر، ئەگەر لەزیندان دا بێت بەردەدرێت، تاریکی مانای زوڵمە، کێ بچێتە تاریکی ئەو کەسە زوڵم دەکات، ئەوەی تاریکی ببینێ زوڵمی لێ دەکرێ لەوانەیە تاریکی مانای تاریکی دڵ و چاو بێت.



سەرچاوە: خەوننامە !

## پەندی ناوداران



**- نیچە دەربارەی بڕیار دەڵێت:**

**کاتێک بڕیاری کارێکت دا، پێویستە دەرگای گومان بەتەواوی دابخەی!**